دانیشتنی دادگایی دۆسییەی دەنیز جەودەت دواخرایەوە

بڕیاربوو ئەمڕۆ دووشەممە بۆ سێیەم جار دانیشتنی دادگایی دۆسییەی دەنیز جەودەت، ئەندامی کەنەکە بەڕێوەبچێت، کە لە 18ـی ئەیلوولی ساڵی رابردوو لە هەولێر تیرۆر کرا، بەڵام لەسەر داوای پارێزەرانی دۆسیەی دەنیز دانیشتنەکەی ئەمڕۆ دواخرا.

بڕیار بوو ئەمڕۆ بۆ سێیەم جار، دانیشتنی دادگایی دۆسیەی تیرۆرکردنی دەنیز جەودەت لە دادگای هەولێر بەڕێوەبچێت، بەڵام دانیشتنەکە دواخرا، بەپێی زانیارییەکان هۆکاری دواخستنی دانیشتنەکەی دادگا دەگەڕێتەوە بۆ داوای پارێزەرانی دۆسییەکە، هەروەها لە دانیشتنەکەدا دوو لە توانباران دانیان بە تاوانەکەیان ناوە و دادوەریش بەپێی ماددەی دووی تیرۆر سزای بەندکردنی بەسەردا سەپاندوون، بەڵام تا ئێستا تاوانباری سێیەم دەستگیر نەکراوە.

زانیاری زیاتر...

ڕۆژی 18ـی ئەیلولی 2023 لە نووسینگەی نوێنەرایەتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان-کەنەکە، لە شاری هەولێری هەرێمی کوردستان، لە ئەنجامی هێرشێکی چەکداریدا ئەندام و نوێنەری کەنەکە لە هەرێمی کوردستان (دەنیز جەودەت بولبون) تیرۆر کرا.